پەرلەمانی عێراق دەنگیدا بە هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە

پەرلەمانی عێراق دەنگیدا بە هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە ٢٢ـی ساڵی ٢٠١١، کە چەند بڕگەیەك لەخەدەگرێت و لە خزمەتی مامۆستایانە، گرنگترینیان زیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی لە ١٥٠ هەزارەوە بە ٣٠٠ هەزار، هەروەها کادیرانی پەروەردە پارچە زەویان پێدەدرێت و ئۆوانەشی لە گوندەکان مامۆستان خزمەتیان بە دوو بەرامبەر بە هەژمار دەکرێت.

ئەمە دووشەممە ٢٥ـی ئابی ٢٠٢٥، پەرلەمانی عێراق ئەمە دانیشتنی هەیە و یەکەك لە بڕگەکان هەمواری یاسای وەزارەتی پەروەردەیە ژمارە ٢٢ـی ساڵی ٢٠١١، کە دەنگی پێدرا و پەسند کرا.

بەپێی راگەیاندراوی نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان، یاساکە ئەو بڕگانە لەخەدەگرێت:

١- زیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی بە مامۆستایان (بنەڕەتی و ئامادەیی) لە ١٥٠ هەزار دینارەوە بە ٣٠٠ هەزار دینار، لە هەنگاوەکدا بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و بەرز نرخاندنی هەوڵە پەروەردەییەکان.

٢- زیادکردنی ماددەیەکی یاسایی کە تێیدا هاتووە خزمەتی مامۆستا لە ناوچە گوندنشینەکان دوو هەندە

زیاد بکرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی، بۆ ئامانجی هاندانی کارمەندان بۆ کارکردن لە ناوچە دوورەدەستەکان و پێکردنەوەی کەموکورتییەکان لەوە.

٣- دامەزراندنی ماوەی وانەبێژ و کارگێڕان کە گرێبەستی ساڵی ٢٠٢٠ـیان هەیە، کە نوێنەرایەتی سەقامگیری کار دەکات بۆ بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە لە ساڵانی پێشوودا خزمەتگوزاری خەبەخشی یان گرێبەستی کاتییان پێشکێش کردووە.

٤- پێدانی مووچەی خاوەن گرێبەستە پرۆژەییەکانی ساڵی ٢٠٢٤ بۆ دەنیابوون لە شایستە داراییەکانیان و بتوانن بەبێ دواکەوتن و پڕاوەزخستن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

٥- بەشداریکردنی هەموو کارمەندانی پرۆژەییی لە وەرگرتنی پارچە زەوی بۆ نیشتەجێبوون، هاوشێوەی ئەو توژانەی تر کە دەستپێشخەرییەکانی نیشتەجێکردنی حکومەت دەیانگرێتەوە.

بەیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لایەنە پەیوەندیدارەکان دەست بە جێبەجێکردنی ئەو بڕگانە بکەن، ئەمەش بە پێی ئەو میکانیزم و ڕێکارانەی کە لە لایەن وەزارەتی پرۆژە و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ڕادەگەیەنرێن.